# بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی

ئایا حەزدەکەیت بزانیت لەبارەی چۆنیەتی گەشەسەندنی مرۆڤ و کۆمەلگا؟
ئایا حەزدەکەیت بەردەوامبیت لەخوێندن پاش قۆناغی دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت فێربوونیکی دواناوەندی لاوەکی بەرینترت دەسکەوێت؟
ئایا حەزدەکەیت راهێنان بکەیت لەسەر بیرکردنەوە بەشێوەیەکی زانستی و نووسین و قسەکردن؟
ئایا حەزدەکەیت گەشەسەندنی توانای خۆت بکەیت بو هاریکاری کردن لەگەڵ کەسانی تر؟
کەواتە بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی لەوانەیە گوونجاو بێت بۆت.

لەبەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی بابەتەکانی وەک مێژوو، پەروەردەکرنی کۆمەلایەتی و زمان و ئابوری دەخوێنی. بەرنامەکە زانیاری یەکی بەرینت بۆ دەرەخسینی بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن لە زانکۆکان و پەیمانگا بالاکان.

راهێنان دەکەیت لەسەر بەکارهێنانی شارەزایی یە زمانەوانی یەکانت بە رێگای جیاواز. و زۆر دەنووسیت و قسە دەکەیت لەگەڵ و بۆ کەسانی تر. هەروەها هەلیکی باشت بۆ دەرەخسینی بۆ فێربوونی چەندین زمان تری ناسویدی. ئەمە لەوانەیە دەرگاکانی خوێندن و کارکردن لە هەموو رووی جیهان بۆت بکاتەوە.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لەخوێندن

بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی بنەرەتی بەلینت پێ دەدات بۆ خوێندن لە ئاستی بەرزتر. پاش قوتابخانەی دواناوەندی دەبێتە لێهاتوو بۆ خوێندن لە پەیمانگا بالاکان و زانکۆکان.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

پشتبەستن بە وەی هەلیدەبژێری لە خوێندن پاش قۆناغی دواناوەندی، دەتوانی لە ئایندە بگەڕێیت بەدووای کاردا لە بوارە جیاجیاکاندا. نموونەی ئەم بوارانە وەک، یاسا، ئابووری، زانستەکانی کۆمەلایەتی، زانستەکانی هەلسوکەوت، زانستەکانی مرۆڤایەتی و پیشەی فێرکاری. ئەگەر تۆ پێشتر بزانیت چیت دەوێت مومارەسەی کەیت یان خولی خوێندن کە دەتەوی دەستی پێبکەیت، دەتوانی پرسیار بکەی لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی لەبارەی بوارە تایبەتەکان و خولەکانی خوێندن کە دەتەوی هەلیبژێریت.

## ناوەرۆکی بەرنامەکە

بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێ لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە لەسەر هەموو قوتابی یەکانی قوتابخانەی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولەکاتی تر تایبەتە بە بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی. و هەندێ خولی تریش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە چوار بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. و ئەمە ئەوە دەگەێنیت هەموو ئەوانەی کە بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی دەخوێنن لە ناو وولات دا هەموویان دەتوانن لەناو ئەم بوارانە هەلبژاردن بکەن. لەهەندێ ناوچە لەوانەیە چەندین بواری تایبەتی هەبێ و لەوانەیە تەواو گوونجاو بێت بۆت. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن بکە یان هەلبژاردەکانی پیشەیی!

بوارە تایبەتە نیشتمانی یەکان ئەمانەن:

- ئابووری – بابەتەکانی وەک ئابوری کۆمپانیاکان، زانینی یاسایی، ئابوری نیودەولەتی، زانیاری و شێوەسازی
- کەلتوور – بۆ تۆیە کە دەتەوێت خوێندنەوە بکەیت بۆ نموونە مێژووە کەلتووری بیرکردنەوەکان، زانستەکانی ئایینی و ویژە
- زانستەکانی کۆمەلایەتی – بۆ تۆیە کە دەتەوی تایبەتمەندی وەرگری لە مێژوو، زانستەکانی کۆمەلایەتی، فەلسەفەو زانستەکانی ئایین
- زمان – بۆ تۆیە کە دەتەویت و حەزدەکەیت لە خوێندنەوەی زمانەکانی تری نائینگلیزی.

## پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی

مەشق کردن لە شوێنی کارکردن نی یە لە بەرنامەی زانستەکانی کۆمەلایەتی، بەلام سەرەرا دەتوانی میوانی یەک یان زیاتر لە شوێنی کار بکەیت لە کاتی خوێندنی دواناوەندیت. و ئەوەش بەندە لەسەر ئەو بوارە تایبەتی و خولانەی کە دەیخوێنیت، و بەلام بایەخە تایبەتی یەکانت و پەیوەندی یەکانت هەروەها دەکرێ کاریگەری هەبێت.

## ئاینده و هەلی کار

زۆر هەیە کە زانستەکانی کۆمەلایەتی دەخوێنن لە زانکۆکان و پەیمانگا بالاکان. و لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بۆت کاریکت دەست کەوێت کە پەیوەندی بە خوێندنەکەتەوە هەیە. هەلیکی باشترت هەیە بۆ دەستکەوتنی کار ئەگەر ئابوری کۆمپانیاکان و تەکنۆلۆژیای زانیاریت خوێندبیت. پرسیار بکە لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی سەبارەت بە هەلی کار لە بواری ئەو پیشەیەی کە سەرنجت رادەکێشی!